**بۆ مارەکردنی ژنی دووەم لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا کۆمەڵێك مەرج دەستنیشان کراون کە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندیی ئافرەتانە و پیاوان بە ئاسانی ناتوانن بڕیاری هێنانی ژنی دووەم بدەن، بەڵام لە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی یاساکانی سەردەمی بەعس کاردەکرێ و لەو بوارەدا نەك هیچ ئاستەنگێکیان بۆ دانانرێ، بگرە ئاسانکاریشیان بۆ دەکرێ، ئەوەش بێگومان دیاردەی فرەژنی پتر دەکات و زێتر قەیرانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. چالاکانی مەدەنی ئەو کارە بە پێشێلکردنی یاسا هەژمار دەکەن و خوازیاری سزادانی توندی ئەو کەسانەن کە بە هەر بیانوویەکەوە پەنا بۆ مارەکردنی ژنی دووەم دەبەن. سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینیش لە پەرلەمانی کوردستان هێما بۆ ئەوە دەکات کە پرۆژەیاسای (مەئزونی شەرعی)یان ئامادە کردووە و گەر لە پەرلەمان پەسەند بکرێ، چیتر کەسانێك ناتوانن بەناوی مامۆستای ئایینییەوە ژن مارەبکەن. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی دادگانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی مارەبڕینی ژنی دووەم تۆمار دەکەن، گەرچی لەڕووی شەرعەوە ڕێپێدراوە، بەڵام ڕاکردنە لە یاسا و پێشێلکاری یاساش ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە.**

«کاتێك لە دەرەوەی وڵات بووین، هاوسەرەکەم زوو زوو دەگەڕایەوە کوردستان و بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەکتر دادەبڕاین، منیش داوام لە هاوسەرەکەم کرد بە یەکجاری بگەڕێینەوە کوردستان و کۆتایی بەو جودابییە بهێنین، ئەو مەرجی ئەوەی بۆ دانام کە خانووەکەم بە ناویەوە بکەم، منیش لەبەرخاتری منداڵەکەم ڕازی بووم، دوای ئەوەی گەڕاینەوە بۆ کوردستان، دیسان جاربەجار بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی ون دەکرد، منیش هیچ گومانم لێی نەبوو، تاوەکو پێش چەند ڕۆژێك چوومە فەرمانگەی ڕەگەزنامە بۆ کاروباری کچەکەم، دیتم ناوی ئافرەتێك داخیلی (سورەت قەید)ـەکەمان کراوە، ئیتر بۆم دەرکەوت مێردەکەم بەنهێنی ژنی دووەمی لەمەخموور مارە کردووە، دوای شکات کردنم، ئێستا کێشەکەمان لەدادگایەو سەرم لەوە سوڕماوە چۆن دادگای ئێرە تەسدیقی ئەوجۆرە هاوسەرگیرییەی کردووە؟».

ئەوە قسەی ئافرەتێك بوو بە ناوی (چیمەن م). ئەو خۆی بە نموونەیەکی زیندووی قوربانیبوونی ئەو هاوسەرگیرییە نهێنییە دەزانێت کە هەندێك لە پیاوان بۆ هێنانی ژنی دووەم پەنا بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبەن. گوتیشی: «ئاخر دادگا و یاسای کەرکووك و مەخموور بۆ دەبێت لەگەڵ هەولێر جیاواز بێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیار دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا سزایەکی زۆر توند بۆ ئەو پیاوانە دابنێن کە بە نهێنی ژنی دووەم دەهێنن، جا ئەو کارەیان لەناو هەرێم کردبێت، یاخود لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێویستە دوای ئاشکرابوونی پەلکێشی بەردەم دادگا بکرێن».

بەیان ناسیح، وەك توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەشی توندوتیژی خێزانی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە (ستۆکهولم)ی پایتەختی سوید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوردستان وەکو بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیستەمێکی پیاوسالاری بەڕێوەی دەبات و پەیوەندییەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش لەناخی ئەم سیستەمە سەرچاوە دەگرێ. لەم سیستەمەدا رەگەزی مێ بەشێکە لە موڵکی خاوەن دەسەڵات و بوونی خۆی وەکو کائینێکی سەربەخۆ ناتوانێ بسەلمێنێ، نە لەڕووی لەش و ئیکۆنۆمی و نە لەڕووی مافە سەرەتاییەکانییەوە. ئەم سیستەمە ئەندامەکانی لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی نایەکسان و نادادپەروەرانە پەروەدە دەکات و لەسەر جیاوازیی رەگەزی نێر و مێ دروست بووە».

بەیان ڕایوایە ئەو هەوڵانەی کە حکومەتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی پێکرد بۆ پێشگری لە توندوتیژی دژی ئافرەتان هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەو سیستەمە بلەقێنێ کە ئافرەت وەکو کالا و موڵکی خێزان دەژمێرێ. ئەو یاسایەش کە ڕێ بە فرەژنی دەدات، لە کەشوهەوایەکی لەوجۆرەدا لەدایکبووە کە هەڵبژاردن و پەیوەندیی هاوسەرگیری تەنیا بەدەست پیاوانە. واتە هاوسەرگیرییەك کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێکتێگەیشتن دروست بێت، بووەتە شتێکی دەگمەن و زیاتر سیستمی نەریتی و نێرسالاری وایکردووە ئافرەت وەك کاڵا کڕیار و فرۆشیاری هەبێت.

ئەو کۆمەڵناسە لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە ڕەزامەندیی ئافرەت بۆ هاوسەرگیری دووبارەی هاوسەرەکەی گوتی: «لە کۆمەڵگەی نەریتی ئەگەر

ژن لە هاوســـەرەکەی جیا بێتەوە، ناتوانێ بەتەنها بژی. گەڕانەوەشـــی بۆ ماڵی باوك و برای بۆ زۆربەی ژنان ئیهانەیەکی گەورەیە. کێشـــەی منـــداڵ و پەروەردەی کۆمەڵایەتیش ژنی وا بارهێناوە پێیوایە هەرچۆنێ بێت، باشـــترە نیو پیاوی هەبێت، نە وەك هیچی نەبێت. دەنا ئەوەی کە دەڵێن ژنـــی یەکەم بە هێنانی ژنی دووەمی هاوسەرەکەی ڕازییە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە».

ســـەبارەت بەو پیاوانـــەش کە لـــە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوسەریی دووەم مارەدەبڕن، گوتی: «ئەوەی کە مەلاکانی کوردســـتان ژنهێنانی دووەم مارە ناکەن، مایەی دڵخۆشـــییە کە زانای ئایینی وا هەیە هەست بە بەرپرســـیاریەتی مرۆڤایەتی دەکات. بەڵام کێشەکە تەنیا مارەکردنی ژنی دووەم لـــە دەرەوەی هەرێم نییە، بەڵکوو کێشەکە زیاتر ئەو جۆرە پیاوانەن کە فرەژنی بە مافی خۆیان دەزانن و کەسانی دەوروبەری ئەو پیاوانەن کە لێی بێدەنگ دەبن. ئەوان ئەوەندە هەســـتیار نین کە بزانن لەژێر ئەو کارەدا دەکرێ چەندین تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێ، لەوانە منداڵ بەشـــوودان، خۆکوشـــتن و خۆ ســـووتاندن، یان هاندانی خۆکوشتن و خۆسووتاندن. بەداخەوە لە ئەمڕۆدا خێزانی وا زۆرن کە لەبەر هەژاری، نەزانین، یان بە بیانووی پاراستنی شەرەف ئامادەن کچ و هاوسەر و خوشـــکی خۆیان تووشی کارساتی ئاوها بکـــەن. گۆڕینی عەقڵی نەریتی و نێرســـالاری کاتی دەوێ، بەڵام ئەوانەی دەبنە قوربانی بڕیاری ئەو عەقڵە، یان دەبنە قوربانی نامووس و شـــەرەف، ناکرێ پشتیان تێبکـــرێ و چـــاوەڕێ بین تا ئەو عەقڵـــە دەگۆڕێ. لێرەدا پێویســـتە پێداچوونەوەی توندی یاسایی بکرێ، تا ئەو پیاوانە وا بەئاســـانی کارەکانیان بۆ نەچێتەسەر. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی تاك لەکەناڵی جیـــاوازەوە زۆر گرنگـــە. بەو هیواوەی ڕای گشـــتی خەڵکی کوردســـتان بگاتە ئەو ئاســـتەی کە فرەژنی و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ئیدانە بکەن و بە فشاری یاسایی هەوڵی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە بدەن».

چالاکی بواری ئافرەتان بەهار عەلی، مارەکردنی ژنی دووەم لـــە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: «لەیاسایی باری کەســـی لە هەرێمی کوردستان فرەژنی سنووردار کراوە و لەبەر ئەوەی مەرجەکانی قورســـن، ئەو پیاوانەی کە بەنیازن ژنی دووەم بهێنن دەچن لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان مارەی دەکەن، من خۆم ماوەکانی ڕابردوو بەدواداچوونێکم بۆ کەیسەکانی فرەژنی کرد، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە تۆمارکردنی فرەژنی لـــە دادگاکانی هەرێمی کوردســـتاندا زۆر کەم بۆتەوە، بەڵام لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە».

بەهـــار عەلی باس لـــەوە دەکات کە «لـــە دادگاکانی گەرمیاندا لەساڵی (٢٠١٣) حاڵەتی هێنانی ژنی دووەم سفر بووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان لەدادگاکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم ژنی دووەمیان مارە کردووە».

گوتیشـــی: «زۆربـــەی ئەو پیاوانەی کـــە ژنی دووەم دەهێنن، کچێك دەهێنن کە تەمەنی لە ژێر ١٨ ســـاڵانەو دەچن لـــە دادگاکانی دەرەوەی هەرێـــم مارەی دەکەن، چونکە دادگاکانـــی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان لە زۆربەی یاســـاکاندا پشت بەیاســـا کۆنەکان دەبەستن و ئەمەش وایکردووە کە بەشێکی زۆر لە پیاوان لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە یاسا نوێیەکان ڕابکەن، ڕوو لـــە دادگاکانی ناوچەکانـــی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان بکـــەن، تەنانـــەت زۆربەی ئەو پیاوانەی کە لەلای مامۆستایانی ئاینی ژنی دووەم مارە دەکەن دەچن لە دادگاکانی ناو هەرێمی کوردستان تەسدیقی دەکەن، چونکە بابەتەکـــە دەبێتە ئەمری واقیع و ئەو کەسە ژنی لەلای مەلا مارە کردووە و منداڵیشـــی هەیە، ئیتر کێشـــەکە لە مەحکەمە دەبێتە ئەمری واقیع و بۆی تەسدیق دەکەن» .

بەهار هێمای بۆ ئەوەش کرد کە یاسای باری کەسی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـــژی لەهەرێمـــی کوردســـتان جێبەجێدەکرێن، ســـەرەڕای ئەوەش ڕێگری لە هێنانی ژنی دووەم لاوازە، بۆیە بە پێویستی زانی بڕیارێکی بوێرانە بدرێت بۆ ئەوەی وەکوو ئەورووپا یاســـایەك دابڕێژن کە کەس نەتوانێت ژنی دووەم بهێنێت.



**پێشنیار دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا سزایەکی زۆر توند بۆ ئەو پیاوانە دابنێن کە بە نهێنی ژنی دووەم دەهێنن، جا ئەو کارەیان لەناو هەرێم کردبێت، یاخود دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێویستە دوای ئاشکرابوونی پەلکێشی بەردەم دادگا بکرێن**

**وەکو ئەنجومەنی باڵای خانمان چەندجارێک لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دی لەسەر ئەو بابەتە کۆبوونەوەمان کردووە، بۆ ئەوەی تەعلیماتێک بۆ ڕێگەگرتن لەو کارە دەربکرێت، بەڵام نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک، چونکە کە ئەو ژنە لەدەرەوە چ لای مەلا و چ لەدادگا مارەدەکرێت، ناتوانرێت ئەو عەقدە بەتاڵ بکرێتەوە**

پەرلەمانتار د. سیراج شێخ ئەحمەد خەیلانی سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانەی لەدەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستی مارەبڕینی ژنی دووەم تۆمار دەکەن، خۆیان لەو یاسایانە ڕزگاردەکەن کە لەهەرێمی کوردستان چەسپاوە، ئەوەشی بە سەرپێچی یاسایی ناوبرد. هاوکات گوتی: «لە ڕووی شەرعییەوە مارەبڕین ئیجاب و قبووڵە، چ لە ناو دادگاکانی هەرێمی کوردستان بێت، و چ لە دەرەوەی ئەو دادگایانە، واتا لەڕووی شەرعییەوە ئاساییە کەسێك بچێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژنی دووەم مارەبکات، بەڵام لەڕووی یاساییەوە ڕاکردنە لەیاسا .ئێستا کەسانێك پەیدابوون کە ژنی دووەم لە دەرەوەی دادگا مارە دەکەن، ئێمە بۆ ڕیگەگرتن لە مارەکردنی ژنی دووەم لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێم پڕۆژەیاسای مەئزونی شەرعیمان ئامادەکردووە و ئەوەش لە هەموو وڵاتە ئیسلامی و عەرەبیەکاندا هەیە، بە بڕوای من بە چەسپاندنی ئەو یاسایە کێشەو گیروگرفتەکان کەم دەبێتەوە، چونکە ئەو کەسەی دەبێتە مەئزونی شەرعی پێویستە لەڕووی یاساییەوە دەستنیشان کرابێت و کەسێك بێت هەموو بنەماکانی یاسایی تێدابێت، ئەوکات لەدەست ئەو کەسانە ڕزگارمان دەبێت کە بەناوی جیاجیاوە ژن مارە دەکەن و خۆشیان لە بنەڕەتدا شارەزایی تەواویان لەسەر پرسە شەرعییەکەش نییە، بۆیە هیواخوازم لەم خولەی پەرلەماندا ئەو پرۆژەیاسایە دەنگی تەواو بەدەست بهێنێت و بتوانرێت بە ڕێگەیەکی یاسایی ئەو پرسە چارەسەر بکرێت)).

توێژەری کۆمەڵایەتی هەوار عەلی ڕایوایە زیاتر کێشەکە لە چوارچێوەی ئەوەدا کورت دەبێتەوە کە هەندێك لە پیاوان بۆ ئەوەی تووشی ڕێکارە یاساییەکان نەبن، دەچن لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژن مارە دەکەن، جەختیشی لەوە کردەوە کە «مارەکردنی ژنی دووەم لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نەبووەتە دیاردە و تەنیا چەند حاڵەتێکی دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێ، لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە، بۆیە ئەرکی حکومەت و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کار لەسەر ئەو گرفتە بەشێوەیەکی گشتی بکەن، چونکە ئەوەی زۆر گرفتەکە قووڵ دەکاتەوە، ئەوەیە کە پیاوان کەمترین و سادەترین مافی ئینسانی بە ئافرەت ڕەوا نابینن، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت و میدیا و ڕێکخراوەکانی مەدەنی هەڵمەتێکی گشتیگر بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەست پێبکەن».

کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: «ئەگەرچی مارەکردنی ژنی دووەم و سێیەم لە دەرەوەی هەرێم لێرەو لەوێ دەبیستین، بەڵام نەبۆتە دیاردە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە وەکو ئەنجومەنی باڵای خانمان ئیدانەی ئەو کارە دەکەین و لەدژی دەوەستینەوە و داواکارین تەقدیری یاسا بکرێت»، گوتیشی: «لەهەرێمی کوردستان هێنانی ژنی دووەم بەیەکجاری قەدەغە نەکراوە، بەڵکو مەرجدار کراوە، ئەو کەسانەی کە مەرجەکان دەیانگرێتەوە پێویست ناکات بچنە دەرەوەی هەرێم، بۆیە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن بۆ خۆشیی خۆیان ژنی دووەم دەهێنن، ئیمەش وەکو ئەنجومەنی باڵای خانمان چەندجارێك لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دی لەسەر ئەو بابەتە کۆبوونەوەمان کردووە، بۆ ئەوەی تەعلیماتێك بۆ ڕێگەگرتن لەو کارە دەربکرێت، بەڵام نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێك، چونکە کە ئەو ژنە لەدەرەوە چ لای مەلا و چ لەدادگا مارەدەکرێت، ناتوانرێت ئەو عەقدە بەتاڵ بکرێتەوە».



**یاسای باری کەسی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێن، سەرەڕای ئەوەش ڕێگری لە هێنانی ژنی دووەم لاوازە، بۆیە پێویستە بڕیارێکی بوێرانە بدرێت بۆ ئەوەی وەکوو ئەورووپا یاسایەک دابڕێژن کە کەس نەتوانێت ژنی دووەم بهێنێت**

**زۆربەی ئەو پیاوانەی کە لەلای مامۆستایانی ئاینی ژنی دووەم مارە دەکەن دەچن لە دادگاکانی ناو هەرێمی کوردستان تەسدیقی دەکەن، چونکە بابەتەکە دەبێتە ئەمری واقیع و ئەو کەسە ژنی لەلای مەلا مارە کردووە و منداڵیشی هەیە، ئیتر کێشەکە لە مەحکەمە دەبێتە ئەمری واقیع و بۆی تەسدیق دەکەن**